# بۆ گۆڤاری ٤-١٤

**عەلی مەحمود محەمەد ٢١-٣-٢٠٠٥**

**پ١/حەڤدە ساڵ بەسەر پرۆسەی ئەنفالدا تێپەڕیوە کەچی ئەوەی کە شایەنێتی بۆپرۆسەکە نەکراوە ئیدی چ خودی پرۆسەکە بێت یان خزمەتکردن بە کەسوکاری پاشماوەی ئەنفال، تۆچی زیاد دەکەیت بۆئەم بۆچوونە؟**

**وەڵام : منیش هەمان بۆچونی ئێوەم هەیە , قسەکردن لەسەر ئەنفال زۆر پرسیار ١٧ ساڵە بێ وەڵامە دەهێنێتە وەڵام , وەڵامی ئەو پرسیارانەش سیاسەتی کوردی لە دەیەی هەشتاکان دەهێنێتە ژێر پرسیارەوە , بۆیە ناهێڵن بە دوای پرسیارە بێوەڵامەکانی ئەنفالدا بگەڕێین .**

**سەبارەت بە کەس و کاری ئەنفالەکان لە یادمە ١٠ ساڵ لەمەوپێش لە یادی ١٤-٤ دا بە بەیانی ڕەسمی و سازدانی ڕێپێوان داوامان کرد ئەنفالەکان بکرێن بە شەهید , لەو ساوە بۆ ئێستا ئەم داواکارییە داواکاری زۆرتر بووە بەڵام هێشتا نەکراوە بە بڕیار, لەگەڵ تێپەڕ بوونی زەمەن کارایی جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە کاڵە بێتەوە و گرنگی خۆی لە دەستە دات , چونکە منداڵانی پاشماوەی ئەنفال گەورە دەبن , پیرەکانیش سەردەنێنەوە , منداڵان بێبەری دەبن لە قوتابخانە , پیرەکانیش بە برسێتی سەر دەنێنەوە , ژنانیش تەمەنی خۆیان بە دیار چاوەڕوانی خۆشەویستانییان بەسەرە بەن , ئەمە مەئساتی پاشماوەی ئەنفالە و زیاتر لە ١٠ ساڵ من ئەم کێشانە باس دەکەم و باس دەکەم , خەڵکانی دیکەش هەر وا بەڵام سەدامان ناگات بە هیچ دەزگایەك و کەس گوێمان لێ ناگرێت , مەسروفاتی چەند بەرپرسێ: بەسە بۆ دابین کردنی ژیانی پاشماوەی ئەنفالەکان بەڵام دەسەڵاتداران نایکەن , هەرچەندە حکومەتی سولەیمانی هەنگاوێکی زۆر بچوکی ناوە لە هەولێر ئەوەش نەکراوە .**

**پ٢/ دیکۆمێنتکردنێکی گشتی کارەساتی ئەنفال وەکو پرۆژەیەك کە لەهەموورووەکانەوە ئەنفال بناسێنێ چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

**وەڵام : زۆر جار لە بۆنەو کۆنفرانسەکان ئەمە باس کراوە , بۆ خۆشمان ١٠ ساڵ زیاترە ئەم داواکارییەمان هەیە , بە دۆکۆمێنتکردنی ئەنفال یانی ئەنجام دانی لێکۆڵینەوەی هەمەلایەنە لەسەر : بەشداربووان , قوربانییان , هۆکار , هەڵسەنگاندن . ئەمانەش زیانی کەس و لایەنی تێدایە بۆیە تا ئەم نەوەیە لە سیاسییەکان دەسەڵاتدار بن چاوەڕوانی بە دۆکۆمێنتکردنی بە ویژدانانەی ئەنفال مەبن .**

پ٣/ ئایا تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی شیاو وزانستی لە بارەی ئەنفالەوە کراوە؟بۆ؟پێت وایە ئەنفال لە باسکردن و لێتوێژینەوە حەقی خۆی دراوەتیٚ؟

وەڵام : نەخێر , کەس ناوێرێت خۆی لێبدات , تونی مەرگی نەجمەدین فەقیٚ عەولا سەرەتایەکی باش بوو , بەڵام درێژەی نەبوو . کیٚ دەوێرێت بڵێت ئەگەر سوپای ئێران نەهاتایەتە کوردستان و ئەگەر ڕێگە لە خەڵك نەگرترایا زیانەکان وا کاریگەر نابوون . فلاٌن جاش ئەوەندە هەزارەی تەسلیم کردو ئێستا بەرپرسە . کیٚ دەوێرێت لە وولاٌتی بیٚ یاسادا باس لەم شتانە بکات .

پ٤/بەردەوام قەرەبوو کردنەوە وەکو تاکە چارەسەرێك بۆپاشماوەی ئەنفالکراوەکان تەرح دەکرێت، ئێوە چیدەڵێن و لەوبارەوە چ تێبینییەکتان هەیە؟

وەڵام:قەرەبوکردنەوە تەنها لە پێناو باشتر کردنی باری ژیانە , دیارە ئەوەی ببێتە ڕابردوو ناتوانرێت بگەڕێنرێتەوە , بۆیە قەرەبوکردنەوەو دادگایی تاوانباران دەکرێت ببێتە چارەسەر بۆ ئەم قۆناغە .

پ٥/ پێت وایە ئەنفال تا ئێستاش درێژەی هەبێت؟واتا کارەساتێکە بەسەر نەچووبێت و تەواو بەڵکو رووداوێکە و رۆژانە رووبەڕووی دەبینەوە"وەك ئەوەی هەندێك نووسەر رایدەگەیەنن"؟

وەڵام: بەڵیٚ , دادگایی نەکردنی تاوانباران و فایل دارەکان , تیرۆری پەنابەرانی پارچەکانی کە .... ئەمانە بە مانایەك هەموو ئەنفالن , بەڵام ئەنفالە گەورەکە ڕوداوێکە کە تا دوا چرکە تیایا ژییاوم قەت دوبارە نابێتەوە , ئەوە ڕۆژی حەشر بوو بە هەموو مانایەك , بۆیە با لە قەوارەی گەورەیی ئەو کارەساتە کەم نەکەینەوە , ئەنفال تەنها ئەنفالە و بیٚنموونەیە .

پ٦/ئەنفال دۆسییەکی گەورەیە بۆئەوەی لەسەر ئاستێکی جیهانی ئیشی لەسەر کرێت و وەکو جینۆسایدی گەلێك بناسرێت، کەچی تا ئێستا ئەوکارەی بۆ نەکراوە، تۆپێشنیاری چی دەکەیت؟

وەڵام : ئەنفال و هەڵەبجە زیاتر وەك دوکانێك بەکارهاتووە لە لایەن پارتە دەسەلاٌندارەکانەوە , هەر ئێستا بەری ئەوە خۆن , نەتوانراوە بچوکترین کاری بۆ بکرێت شیاوی جێبەجیٚ بوون بێت , سەرباری ئەوەی ئەنفال وەك هەڵەبجە نییە تەرمی عومەر خاوەرو فلیمی بۆردومانمان لەبەردەستدا بێت , نە وێنەیەك , نە ئێسکێك , چۆن بە وسکتی گرتران و بە بێدەنگی سەریان نایەوە , بێگۆڕن , کارکردنیش لە سەرییان گرانە .